کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-1-2007 23:06 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## قائمقامی کۆیە (کوردەخانم) . ئەو دفاعەی لە (نعیم دیمرال) ی ساختەچی دەکەی لە (دلْدار) ی شاعیری بکە. . . علی کۆیی

پاش چەندین ساڵ چەوسانەوە و ژێردەستی. لەسایەیی خوێنی شەهیدان وهەول َوتێکۆشانی ڕۆڵە دلْسۆزەکانی میللەتەکەمان بۆماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمە غەریبەکەمان حوکمڕانی خۆمان دەکەین. وەك چاولێکەریەك لەسیستەمە دیموکراسیەکان وهەروەها وەك هەولْدانێك بۆ تەماشاکردنی نێرومی بەیەك چاو!! ئێمەش خۆمان هیناو برد و ژنێکمان کرد بە قائمقامی شاری کۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆر ژنی شایستەی دیکە هەبوون. بەڵام؟ بەهەر حاڵ ئەو خانمە خۆی گەیاندی و بوو بە قائمقام!

ئەوەی مەبەستمە لەو پێشەکیە ئەو هەڵوێستەی ڕۆژی2007\1\27 ی (کوردە خان) ە کاتێك ڕاستی نەفەرموو و لە ڕێگایی ڕاگەیاندنەوە نەفی ئەوەی کرد کە گڵکۆیی پیرۆزی (دلْدار) ی شاعیر بە دەستی تێکدەران و ناحەزان دەستکاری و هەندێك گێرە شێوێنی لەسەر کرابێت. کەچی لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە و خەڵك بەچاوی خۆیان بینیان کە چۆن ئەو داخ لە دڵانە بی ئەدەبی و بی حورمەتیان بەرامبەر گۆڕی (دلْدار) ی لوتکە کردبوو.

منیش لێرە. لە (کوردە خانم) دەپرسم: بۆچی پێش دوومانگ خۆت وجەنابی سەرۆکی شارەوانی (ئاراس حوێزی) تا پێتانکرا دفاعتان لە مقاویلیکی ساختەچی تورك کردو یاساتان بەقوربانی بەرژەوەندی تەسکی خۆتان و پەیوەندیە مشبوهەکانی خۆتان کرد.

کاتێك گۆڕەکەی (دلْدار) م بینی ئەو کات هەستم کرد سەرۆکی شارەوانی کۆیە چ کابرایەکی بی ئاست و دزە. چونکە ئەو کەڵە شاعیرە لەجیاتی ئەوەی گۆڕەکەی بەجوانترین داهێنانی هونەری و سەردەمیانە بڕازاندرێتەوە. وەکو چۆن گەلانی دونیا لە بەرامبەر داهێنەرانیان دەکەن. کەچی بەو شێوە نارێکە ژوورێکی ئاسایی لەسەر دروستکراوە دەڵێی ماڵی کوردێکی هەژاری کەرکوکیە.

بوکورتی بە قائمقامی کۆیە (کوردە خان) وسەرۆکی شارەوانی (ئاراس حوێزی) دەڵێم: بریا ئەو دفاعەی لە (نعیم دیمرال) ی دزتان دەکرد. بریا نیو ئەوەندە دفاعتان لە (دلْدار) ی لووتکە بکردبایە.

لەکۆتاییدا خوا حاڵی شاری کۆیە چاك بکات لەکاتێکدا ئەم جۆرە مسئولانە حوکمرانی بکەن. ئافەرین بۆ خۆتان وئەخلاق و هەڵسوکەوتتان. بە قائمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس و سەرۆکی شارەوانی کۆیە و بەرپرسەکانی دیکە. نەتان توانی پارێزگاری لە گۆڕە غەریبەکەی (دلْدار) بکەن.

(دلْدار) ی شاعیر و هەڵوێست. بریا گۆڕەکەت لەگەڵ بناغەی (بازاڕە هاوچەرخەکەی هەولێر) کە بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە دروستکراوە تەفروتونا بوایە وەك چەندان گوڕ غەریبەکانی دیکەی هەولێر. نەوەکو لە زێدی خۆت بی حورمەتی بە گۆرەکەت بکەن و بەناو قائمقامی شارەکەشت بلْی: (شتی وانیە) !!

2007/1/28

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.